داهاتی ریاڵ مەدرید زۆرترین بووە لە ساڵی 2024دا دوای ئۆوێی یەک ملیار یۆرۆی تێپەڕاند

داهاتی ریاڵ مەدرید زۆرترین بووە لە ساڵی 2024دا دوای ئۆوێی یەک ملیار یۆرۆی تێپەڕاند.

پێگەی فوتبۆڵ بەنچمارک ریزبەندی داهاتی یانەکانی شەش خولی ناوخەیی ئەورووپای لە ساڵی 2024 بەاوکردەوە لەسەر ئاستی کاری بازرگانی و گواستنەوەی یاریزانان و ریکلام و ئامدبوونی هاندەران لە یاریگا.

یانەی ریاڵ مەدرید لە پێشێنگی یانەکانی خولی ئیسپانیدایە بە شۆیەک کە داهاتەکەی یەک ملیار و 65 ملیۆن یۆرۆیە و بووە یەکەم یانە لە مێژوودا لە ماوەی یەک ساڵدا داهاتەکەی زیاتر لە یەک ملیار بێت.

لە خولی ئینگلتەراش، یانەی مانچستەر سیتی زۆرترین داهاتی هەبووە بە شۆیەک کە 838 ملیۆن یۆرۆ بووە، پاریس سان جەرمانیش لە فەرەنسا زۆرترین داهاتی هەیە بە شۆیەک کە 806 ملیۆن یۆرۆیە.

یانەی ئینتەرمیلانیش کە پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی ئیتالیە زەرترین داهاتی لە نێو یانەکانی ئەو خولەدا هەبووە لە ساڵی 2024دا کە 399 ملیۆن یۆرۆیە، ئایندهۆفن و سپەرتینگیش لە خولەکانی هەڵەندا و پورتوگال زەرترین داهاتیان هەبووە.

جگە لەوەش، ریاڵ مەدرید خاوەنی گرانترین پێکهاتەیە لە نێو یانەکانی ئێستای تێپی پێدا بە شەویەک نرخی پێکهاتەی سەرجەم یاریزانەکانی یەک ملیار و 364 ملیۆن یۆرۆیە، نرخی پێکهاتەی مانچستەر سیتی یەک ملیار و 231 ملیۆن یۆرۆیە و پاریس سان جەرمانیش نرخی پێکهاتەکەی یەک ملیار و 41 ملیۆن یۆرۆیە.